www.kurdistannet.org
19:46 3-10-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پەرلەمانتارانی کورد پێویستیان بە کۆرسی زمان و.. ئاسۆ بیارەیی

- 2-10-2006 سوێد



لە بەر ئەوەی زمان یەکێکە لە بنەما و بنچینەی بوونی نەتەوە، یانەی پەرلەمان ڕو و زمانحاڵی وڵاتێکە و سەرچاوەی وەرگرتن ودارشتنی یاساکانی ئەو گەلەیە، بۆیە جێگەی بایەخە کە ئەو کەسانەی کە لەوێ کاردەکەن زمانێکی پاراو بزانن سەرەڕای زانینی زمانێکی نێونەتەوەیی دووەم، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی.

هۆکارەکانی لاوازی ئەندامانی پەرلەمانی باشووری کوردستان لە بواری زمانەوانی، ڕێتۆریک (ئاخافتن) و بەڕێوەبردنی دیالۆگ دەگەڕێتەوە بۆ:

داگیرکردنی باشووی کوردستان لە لایەن عەرەبەوە و نەبوونی کۆمارێکی کوردی سەربەخۆ کە خاوەن سەروەری خۆی بێت.

ئەو هێزە کوردیانەی کە ئەمرۆ نوێنەریان لە پەرلەماندا هەیە، تەمەنی ئەزمونی کاری پەرلەمانیان ساوایە و زۆربەیان لە شاخەوە دەسەڵاتی خۆیان دەستپێکردووە و لە هەڵسوڕاندنی کاری ناو پەرلەماندا لاواز و سستن. هەروەها زۆربەشیان بە زمانی عەرەبی خۆیندیان تەواو کردووە و ئەوەش وای کردووە کە زیاتر چێژ لەو زمانە وەربگرن تا زمانی کوردی. بەکارهێنانی ووشە و ڕستەی عەرەبی لە کاتی دواندا باشترین نموونەیە.

کەمتەرخەمی و خەمساری میدیای کوردی و وابەستەیی بە زمانی داگیرکەرانەوە، کە لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەگی داکوتیوە و تاکی کوردی لەو زمانانەدا کە داگیرکەر پێ دەدوێت دەستەمۆ کردووە.

لەماوەی تەمەنی چەند ساڵەی دوایی پەرلەماندا، ئەو پەرلەمانتارانە زۆرکەم کۆرسی بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەییان وەکو پەرلەمانتار بینیوە، بەتایبەتی کۆرسی زمان و ڕێتوریک (کۆرسی سەرکردایەتی و ئاخافتن) بە تایبەتی بۆ کەسانی نوێ کە دەبنە پەرلەمانتار.

نەبوونی بنچینەیەکی زانستی و بێ لایەن لە کاتی هەڵبژاردنی کەسانێک کە دەبن بە پەرلەمانتار کە لە نیزیکەوە ئاستی خوێندن و ئەزمونی سیاسی ئەو کاندیدە بخاتە ڕو.

ئەگەری نەبوونی هەستی نەتەوایەتیش بەدی دەکرێت، کە بکرێتە یەکێ لەو هۆکارانە کە هەندێ پەرلەمانتار زمانی کوردیان لا هیچ و بێ بایەخە.

پێویستی ناردنی پەرلەمانتارانی کورد بۆ کورسی زمان یان کۆرسی دی کە ئاستی پیشەییان وەکو پەرلەمانتار بەرزبکاتەوە گرنگە، چونکە توانایان لە بوارە جۆرەکانی کاری سیاسیاندا پێش دەخات و دەتوانن چالاکانە و بەشێوەیەکی کارامە و زانستی کاری پەرلمانتاری خۆیان ڕاپەڕێنن. لەم بوارەدا ئەرکی پەرلەمانی باشووری کوردستانە کە لە ساڵێکدا چەندجارێک ئەو جۆرە کۆرسانە بکاتەوە بۆ پێشخستنی ئەو پەرلەمانتارانە، کۆرسی ڕابەری، کۆرسی زمان کە زۆر گرنگە و کۆرسی ئاخفتن کە چارە ڕێگەیەکە بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە ڕۆژانە دووبارەی دەکەنەوە.

کۆرسی زمان و ئاخافتن یەکێکە لە کۆرسە گرنگەکانی زانکۆکانی سوێد کە لە زۆربەی کۆلێژەکان دەخوێنرێت/ بەتایبەتی کۆلێژی دەروونناسی کۆمەڵایەتی و..